کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 0:28 5-8-2007

## گوڵە هاوڕێ ... ئاری ڕەفیق

گوڵە هاوڕێ 3 / 8 / 2007



چۆن ئیرەیی بەخۆم نابەم؟!
کەتۆ بۆ من
بارانێك بووی
ڕژایتە ناو
پێدەشتی وشکی
ڕۆحمەوە،
کی وەکو تۆ.. بۆ تاریکیم
وەك خەرمانەی مانگەشەوی
باڵی خستۆتە
قۆڵمەوە؟
لە تێکشکانما
بویتە پشت و
پەناگە و
هێز،
چۆن ئیرەیی بەخۆم نابەم؟!
کەتۆ بۆ من کانییەکی
لێوانلێوی
لە میهرەبانی و
سۆز و
ڕێز.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.